
# نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین

کەرکوکی نوێ
kerkukynwe
بەسەرپەرشتی (فەیصەڵ هەمەوەندی)
ژمارە (٣٦)دووشەممە ٢٠٠٨/٣/٢٤



## شەهید
## مامۆستا ئاسۆ



مامۆستایەك بە کۆڵەپشتێکەوە ، بارووت و کتێبی لەکۆڵناوەو ئەو مردووانە وەئاگا دێنێتەوە ، کەلەجۆلانەی دارستانەکان نوستوون ، ئەو باڵندانە بەئاگا دێنێتەوە کەدەڵێن لێرەدا ئاو هەیە ، هەوا هەیە ، دانوێڵە هەیە ، بەڵام ژیان نییە .
مامۆستایەك ، لەگەڕەکی چەوساوەکانەوە هاتووەو ئەوە دەزانێت ڕێگا لماوییەکانی قەدەر خۆیان کوشتووە ، ئەو دەزانێت سبەینێ بەر لەدوێنێ مردووە ، ئەو دەزانێت ئاسمان لەسەرمانەوە گیاندەداو زەوی لەژێر پێیاندا مردووە .
مامۆستایەك گوند بەگوند دەگەڕێت و قەفەزەکانی تەنیایی دەشکێنێ وحیکمەت وەك شەراب دابەش دەکات ، ئەو خۆی لەناو کارەساتەکانەوە هاتووەو کەشتییەکەی ئەو کورە جەربەزەکانی چیایی هەڵگرتووە ، ئەو پەیامبەری شۆرشێکە لەزەنگە هەمیشەییەکانی خەتەر ، لەنەیازکە شوومەکانی کارەسات ، هەرگیز دڵی ڕاناچڵەکێ .
ئەو نەخشەی سەرفرازی وڵاتێکی لەکۆڵ ناوەو نهێنی سەردابەکانی شادی دەخاتە ڕوو . مامۆستایەك تەباشیری گوللەی بەدەستەوەو ئەو پرسیارەی ئاسمان ناتوانێت حەلی بکات ، حەلی دەکات ، چ مەتەڵێك قورسە ، ئەو هەڵیدێنێ و بەشەرمێکەوە پێمان دەڵێت : وێنەی تفەنگە دێرینەکانم بۆ بنێرن ، نەك وێنەی دلدارانی بەر سێبەری درەختەکان ، وێنەی خەنجەری خوێناوی ناو برینم بۆ بنێرن ، نەك وێنەی پیاوە ترسنۆکەکانی بەر شۆستەو ناوکۆڵانەکان .
مامۆستا (عبدالخالق صالح احمد ) ناسراو بە (ئاسۆ ) لەساڵی (١٩٥٦) لەسۆنەگۆلی شاری کەرکوك لەدایك بووەو پاشان لەگەڕەکی ڕەحیماوە گیرساونەتەوە .
شەهید (ئاسۆ) خوێندنی سەرەتایی وناوەندی لەکەرکوك تەواو کردووەو پاشان رووی کردۆتە شاری هەولێرو لەساڵی ١٩٧٩ خانەی مامۆستایانی تەواو کردووە .
لەساڵی (١٩٧٧) پەیوەندی کردووە بەرێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە کەرتی ڕێکخستنی چەمچەماڵ .
لەکۆتایی ساڵی ١٩٨١ لەهەرێمی دووی کەرکوك ، پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە دەکات ولەلای شەهید ئەنوەر حەسەن دەبێت بەپێشمەرگە . شەهید ئاسۆی پێشمەرگەو مامۆستا ، تەمەنی پێشمەرگایەتی کورت دەبێت ولەڕۆژی ١٩٨٢/٣/٥ لەداستانە خوێناوییەکەی گوندی (قازان ) بەخۆی و(١١)هەڤاڵی تریەوە ، کە شەهید (ئەنوەر حەسەن )سەردەستەی ئەو قافڵە شەهیدە بوو ، شەهید دەبێت ودەگاتە کاروانە پرسەروەرییەکەی شەهیدانەوە .
هەزاران سەڵاو بۆ شەهید مامۆستا ئاسۆو شەهیدانی قازان و سەرجەم شەهیدانی کوردو کوردستان .


خالید چای




# شەهید مۆفەق عەبدولرەحمان
# بریندراری داستانی قازان و شەهیدی ڕاپەڕین

**باوکی دابان**

ڕاپەڕین ئەو گرکانە بوو کە گەلی کورد ساڵە های ساڵ بوو لە ناو سینەیدا پەنگی خواردبۆوە و قەتیس مابوو , ڕاپەڕین کۆمەڵێك ڕق بوو لە ئەنجامی تەعریب و ئەنفال و کاولکردنی دێهاتەکاندا گرمۆڵە ببوو لە ڕاپەڕیندا دوای فەراهەم بوونی فاکتەرە ناوخۆی و دەرەکیەکان بوونە ئاگرو گوللە ڕووبەڕوی ڕژێمی دکتاتۆردا کرا .
شەهید موفەق عەبدولرحمان شەهیدی بەرەبەیانێکی زووی ڕۆژی ١٩ ئازاری ١٩٩١ بوو کە هێشتا بەشێکی کەمی شار لە دوژمنان پاك کرابووە .
شەهید مۆفەق لە دایك بووی ١٩٦١ ی شاری کەرکوکەو خوێندنی تا پۆلی سێی ناوەندی تەواو کردوە , لە ساڵی ١٩٨٢ دەبێت بە پێشمەرگە و لە ١٩٨٢/٣/٥ لە داستانە پر سەروەریەکەی قازان بریندار دەبێت و دەکەوێتە دەستی ڕژێمەوە , بەڵام لەساڵی ١٩٨٣ ئازاد کراو گەڕایەوە ناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەتا ئەنفالەکان مایەوەو دواتر گەڕایەوە بۆ کەرکوك , لەگەڵ داگیر کردنی کوەیت لەلایەن ڕژێمەوەو خۆئامادەکردنی جەماوەرو بەرەی کوردستانی بۆ ڕاپەڕین شەهید مۆفەق لە شانە چەکدارەکانی بروسك خۆی ڕێکخست و لەبەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٩١\٣\١٩ لەو ساتە پڕ خۆشەی ڕاپەڕین بەدەم سروودی دوانزە سوارەکەی قازانەوە بۆ هاودەنگی پێشمەرگەو ڕاپەڕیوانی هاوسەنگەری لە هەڵەتەکانی هەمان بەرە بەیاندا بۆ سەر بنکەی پۆلیسی مکافحە لە گەڕەکی ڕەحیماوە لە ژێر فەرماندەی شەهید حاجی هەڵەت ئەویش یەکەم نەعرەتەی لە گەڕەکی تەپەی مەلا عەبدولا بەهەمان حەماسەتی داستانی قازان بەشداری پەلاماری پۆلیسەکانی کارەبای گەرەکەکەی کرد .
بەڵام سەد مخابن لەو کاتەی لە خۆ ئامادەکرندا بوو بۆ چالاکی تر گوللەی کەسێکی دوژمن و نامەرد سنگی پێکاو شەهید بوو .
لە دوای خۆشی دوو کوری بۆ کوردستانەکەی بەناوی (هەوراز و ڕێباز ) بەجێ هێشتوە .
هەزاران سڵاو لەو دایکەی ڕۆڵەی وا پێدەگەیەنێ



هەزاران سڵاو لەو خاکەی ڕۆڵەی وا لە ئامێز دەگرێ

## سوپاسنامە

**بەناوی هونەرمەندانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان دەردەبرین بۆ هاوکاری و یارمەتی ئەو هەڤاڵانەی کە بۆ مەبەستی هونەر لە کەرکوکدا یارمەتییان داین.**
**سوپاسی تایبەتیش بۆ ڕاگەیاندنی مەڵبەندو ڕۆژنامەی کەرکوکی نوێ کە لەدیدارێکدا دەنگی گەیاندوین بەهەموو لێپرسراوو حکومەتی کوردستان بۆ پێشنیارەکانمان.**

**سوپاسی هەریەك لە :**
**١.کاك رفعت عبدالله / ب مەڵبەندی دووی کەرکوك.**
**٢.م جوامێر / ب نووسینگەی مافی مرۆڤ.**
**٣.عیماد ئەحمەد.**
**٤.بەڕێز شێخ بایز تاڵەبانی.**
**٥.کاك زاهیر شوکر ( تەلەفزیۆنی کەرکوك ).**
**٦.بەڕێز عەلی رووسی.**
**٧.م.ناسر حەسەن.**
**٨.هونەرمەند عەلی زەنگەنە.**
**٩.هونەرمەند هوشیار ئەحمەد ( سەندیکای هونەرمەندان ).**

هونەرمەند فایق داودە
٢٠٠٨/٣/١٦

## بۆ / یەکێتی پیشەسازانی کەرکوك
## بابەت /سوپاسنامە

بە ناوی بەڕێوبەر و مامۆستایان و قوتابیانی ناوەندییەکەمانەوە زۆر سوپاسی هەستی شۆڕشگێڕی و کوردانەی یەکێتییەکەتان دەکەین کە هەڵسان بە دروست کردنی ناوی ناوەندییەکەمان بە شێوەیەکی جوان و شارستانیانە ، هەر سەرکەوتوو بن و بمێنن بۆ خزمەت کردنی گەلی کوردی قارەمانمان .

**حسیب حکیم محمد**
**بەریوبەری ناوەندی ( چیای گارا )ی کوڕان**

## بێ زویربوون

**سەندیکای نەوتی کەرکوك بە درێژایی مانگی ئازار لە یادی ڕاپەڕین و نەورۆزو هەڵەبجەدا تاقە یەك لافیتەی هەڵنەواسی، بەڵام لە یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر(د.خ)دا بەردەم سەندیکای بەلافیتە ڕازاندبۆوە.. تۆ بڵێی بووبێتە ڕێکخراوێکی ئاینی؟**